# شوناس میرات نییە، بەڵکو تەلاریکە دەبێت دروستی بکەین

## ئەدۆنیس، بیرمەندی ئێرانی (موحەمەد موجتەهد شبستری)* دێنێتە دواندن

و: عومەر سابیر

*** ئەمڕۆ چۆن ئیسلام دیاری بکەین - بەو سیفەتەی کە کولتوورێکە؟**

- ئەوەی کە رۆژانە موسڵمانان تێیدا دەژین خۆی کولتوورە ئەمەش پێکهاتووە لە ئایین، هەندێک توخمی وەرگیراو لە کولتووری رۆژئاوایی و بەشێک لەپاشماوەی ئەو کولتوورانەی کە لە پێش ئیسلامدا هەبوون، بەڵام موسڵمانیەتەکە شێوازە زاڵەکەیە. دەتوانین لێرەدا ئەو زاڵیە بەوە دیاری بکەین کە جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوەیە و موسڵمانان پەیڕەوی دەکەن، کە ئەمەش کۆمەڵێک چوونیەتی پەیوەندی و پێکەوە بەسترانی خەڵکە لەگەڵ بەهایی مۆراڵی دیاریکراودا.

*** ئایا دەتوانرێت لەو دیاریکردنەتدا ئەوە هەڵێنجێن کولتووری ئیسلامی، وەکو رێگایەک و تێڕوانینێکی نوێ بۆ جیهان و مرۆڤ بۆ کێشە نوێیەکان وەکو داهێنان و نوێبوونەوە بزرە؟**

- بەڵێ کولتووری ئیسلامی، بەو مانایەی کە ئاماژەی

پێدەکەین بوونی نییە.. بەبێ ئەوەی نەفی ئەو بەشە کەمەی داهێنەرو نوێخوازان بکەین لەنێو موسڵماناندا. بەڵام پەرشوبڵاوون، کاریگەریان نییە. موسڵمان بەو ڕێژە زۆرەی کە هەن تاوەکو هێشتا لەو گۆشەیەوە، لە جیهانێکی کولتووریدا دەژین کە دەکەوێتە سەر لاسایی کردنەوەو وەدووکەوتن، لێرەدا بەواتای داهێنان ئامادە نەبوونێکی دوو لایەنەی کولتوور هەیە:

لەڕووی ئایینی و مەدەنییەوە. بۆ نموونە ئێمە وەک پێشوو فەلسەفەو زانست و هونەرمان نییە هەموو ئەمانە مانایەکی دیارییان لەناو ژیانماندا نەماوە.

*** بەڵام هۆشیارییەک هەیە دەربارەی ئەم بزریە؟**

- هۆشیاری لای ئەو ژمارە کەمە هەیە کە ئاماژەم پێکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا، هۆشیارییەکی بێوەڵام و چارەسەرە. هۆشیاریەکی گەمارۆدراوە، بەڵام کاتێک هەوڵدەدەین چارەسەر بدۆزینەوە، ئاسۆکان بەرووماندا دادەخرێن.

بەم جۆرە گۆڕانکارییە ریشەییەکانی جیهان، کێشەی زۆر ئاڵۆزمان بۆ دروستدەکەن کە تێیان ناگەین و ناتوانین بە ئازادی و سەربەخۆیی وەڵامیان بدەینەوە، بەڵکو دەکێشرینە پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی یاخود دەرەنجامەکان بەسەرماندا دەسەپێن. دواتر هەستێک لامان دروست دەبێت کەوا ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە لە دونیایەکی لەرزۆکدا دەژین و پوچەڵی سەرتاپای ژیانمانی داگرتووە، نازانین چیبکەین وەکو برسیەک کە برسێتی هەڕەشەی لێدەکات و خواردنی لە پێش نییە.

دوێنی بۆ ئێمە مێژوو کۆتایی هات، ئێمەی موسڵمان ئەگەر بەڕاستگۆیی لە خۆمان بڕوانین لەو چوارچێوەیەدا و لەو ئاستەدا دەتوانین بڵێین: بیرکردنەوە کۆتاییهاتەوە.

*** بێگومان وادیارە بانگەشە بۆ «ئەدەبی ئیسلامی» یاخود «فەلسەفەیەکی ئیسلامی» لەو چوارچێوەیەدا، هەروەکو هەندێک خەیاڵی بۆ دەکەن، داوایەکە ناوەستێتەسەر بنەمایەکی فیکری راست؟**

- نازانم زاراوەی «ئەدەبی ئیسلامی» یاخود «فەلسەفەی ئیسلامی» چ مانایەکی هەیە! راستیدا ئەوەیە بڵێین قسەکردن لەسەر ئەو ئەدەبەی کە موسڵمانان بەرهەمی

دەهێنن. هەروەها لەسەر ئەو فەلسەفەی راستر موسڵمانان پەیڕەوی دەکەن، یاخود لەسەر ئەدەب و فەلسەفە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا. بۆ بەخشینی سیفەتێکی ئایینی ئەدەب یان فەلسەفە، هەڵوێستێکە لە عەقڵییەتێکی بەبەڵگە تەنراو یا لە تایبەتمەندی هەریەکێکیانەوە هەڵناقوڵێت.

*** لەگەڵ ئەمەشدا، هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ راڤەکردنی دەقە ئایینیەکان، ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن لەو بڕوایەدان کە ئەوان گونجانێک لە نێوان دەقە ئایینییەکان و پێویستی سەردەمی مەدەنێتی یاخود ئەو پێکدژبوونە لەناو دەبەن کە لە نێوان دەقەکان و سەردەمی ئێستاماندا هەیە؟**

- بەڵام ئەم راڤەیە سوودی نییە، چونکە هەروەکو راڤە کۆنەکان لە پێشینەیەکی ئیمانییەوە هەڵقوڵاوە و بەپێی شەڕی ئەمڕۆ لە دونیای ئیسلامدا راڤەیەکی فەلسەفەیی زمانەوانی بەمانای نوێ بۆ دەقە ئایینییەکان نابینین. ئەمەش وادەکات ژیانی فیکریمان وەستاوو هەژاربێت، تەنها بوەستێتە سەر دووبارەبوونەوەو وەبیرهێنانەوە. بۆیە پێویستە لەسەر بیرمەندەی موسڵمان ئەوەی کە دەیەوێت بەڕاستی فیکری ئیسلامی پێشبخات، سنووری راڤەی کۆن بەهەموو شێوازەکانیەوە ببڕێت وە بەروانگەیەکی نوێ لە دەقە ئایینیەکان بڕوانێ کە هەڵقوڵابێت لە چەمکی راڤەکردنی بەڵگەی هێرمۆنیتیکایی نوێ Hermeneatics لەڕووی زمانەوانی بەتایبەتی و لەڕووی فەلسەفییەوەش بەگشتی.

*** ئەمەش وا پێویستدەکات کە موسڵمان تاکڕەهەندی و هزری وەلانان و رەتکردنەوەی بەجێبێڵن، پلورالیزم بەهەموو رەهەندو جۆرەکانیەوە پەسەند بکەن؟**

- بەڵێ، بێگومان پەسەندکردنی پلورالیزم لە راڤەکردن بەمانای پەسەندکردنی خوێندنەوەی جۆراوجۆر. لە ئیسلام دا، لەنێو یەک ئیسلامدا، واتە خوێندنەوەو راڤەکردنی جۆراوجۆری دەقێک بێڕەتکردنەوە، کورتکردنەوە، پەراوێز یا تەکفیرکردن.

*** لەو چوارچێوەیەدا، ئەوە نابینین، کە بەستنەوەی دەقێک لە چوارچێوەی راڤەیەکدا بێبڕواییەک بەو دەقە وەخۆ دەگرێت. واتە دەوڵەمەندکردنی بێ بڕوایی، ئازادکردن و کرانەوەی، هەر تاکلایەنیەک خۆبەستنەوەیە؟**

– گرنگتر لەمەش ئەوەیە، سەرەتا بپرسین.. ئایا موسڵمانان ئامادەن پلورالیزم پەسەند بکەن ئەمەش مەسەلەکەیە.

*** بەڵام بەبێ ئەم پلورالیزمە، شوێنێک بۆ ئەویتر لە دیدگای ئیسلامیدا نییە.. ئەویتر بەردەوام (کافرە)؟**

– ئەگەر وەک دیاردەکان لە دەقە ئایینیەکان بڕوانین، واتە مینۆفینۆلۆژیا، بێگومان دەبێت پلورالیزمی ئایینی بەشێوەیەکی کامڵ و ڕەها پەسەند بکەین.

بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا وەک ڕاستیەکان یاخود تەنیا لە چوارچێوەی لێکبوردەیی و کرانەوە پەسەندیان دەکەین بەگوێدانە ڕاستی و ناڕاستییان؟ ئەم مەسەلەیەش پێویستی بەدیالۆگ و ئیرادەی دوورو درێژ هەیە بەتایبەتی لە پەسەندکردنی پلورالیزمدا ڕێگە بۆ هەندێک کەللەپوچ خۆشدەبێت بڵێ ئەوەی پلورالیزم باسیدەکات وەکو ئەوە وایە پێکناکۆکی یا حەقیقەتی جۆراوجۆر لەوەحیدا هەبێت. بەڵام ئەو پێکناکۆکانە لە گریمانەی بوونیاندا، بۆ کەسێ لێی وردبێتەوە دەرناکەوێت تەنها کاتێک لەنێو جیهانی مرۆییدا بەچاوی مرۆڤ لێیبڕوانێ. لە دونیای ئیلاهیاتدا پێکناکۆکی نییە چونکە حەقیقەتی ئایینی جیایە لە حەقیقەتی فەلسەفی، ئەمەیان زاتییە، کەسییە، بەڵام یەکەمیان بوونگەراییە، گەردوونییە، ئیلاهییە. پێکناکۆک، ڕێژەگەراییە، چونکە حەقیقەتەکان ڕێژەگەران ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ڕێژەگەرایی پووچ و درۆیە، بەڵکو هێمایە بۆ دەرکەوتنی بەشێوەیەکی دیار لە کاتێکی دیاریکراودا و هێمایە بۆ ئەوەی کە حەقیقەتەکان یاخود کامڵ بوون یان بەتەنیایی لە هیچ ئاستێک دانین یاخود لە تاکە فەلسەفەیەکدا نین بەتەنیا، بێئەویتر.

حەقیقەتی تێکڕایی و گشتی لە مێژوودا هەیە بەو سیفەتەی کە گشتێکی هەمەلایەنە، نەک تەنیا لە بەشێکدا هەبێ بەبێ ئەویتر، لێرەدا دەتوانین ئەو ڕاستییەی کە سروشتێکی ئایینی دا هەیە لەگەڵ ئەوەی لە سروشتێکی فەلسەفی هەیە جیا بکەینەوە، بەم جۆرە دەبینم کە ڕێگا بۆ پلورالیزم کراوەیە لە ئیسلامدا لە ئاستی بڕوابوون، یاخود لە ئاستی تیۆریدا.

*** بەڵام لە ئاستی پراکتیکیدا - شەرعییە؟**

- ئەوەی دەیبینم بەپشت بەستن بەدەقی شەرعی. ناتوانرێت حوکم لەسەر ئیجتهاد بدرێت لە بیروڕادا، یا لەسەر ڕاڤەکردن، شەرع شتێکەو فیکر شتێکی تر، بەتایبەتی کاتێک مەسەلەکە پەیوەندی بەئەدەب و هونەرەوە هەبێت.

*** لەبەرئەوەی گەیشتینە لایەنی کرداری دەمەوێت بپرسم: بەدیدی تۆ ئەو تایبەتمەندییە جیاوازی چییە کە موسڵمانان دەتوانن پێشکەش بەجیهانی نوێ بکەن؟**

- دەتوانرێت لەلایەنی کولتووری گشتیدا، خوێندنەوەی عیرفانی سۆفیگەری پێشکەش بکەین. ئەمە لەلایەک لەگەڵ عیرفانی ڕۆژهەڵاتی کامڵ دەبێ لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ڕۆژئاوایی و مەسیحی، وە دەتوانرێت لە گۆشەنیگایەکی ئایینی تایبەتەوە، دیدگایەکی مام ناوەندی پێشکەش بکەین یاخود هەڵوێستێکی یەکسان دابنێین لەگەڵ هەردوو بنەمای بووندا بگونجێ، ڕۆح و مادده، سروشت و دوای سروشت (میتافیزیکا)، دیارو نادیار (شێوە و ناوەڕۆک). ئەم دوانە دوو ڕووی یەک ڕاستین.

*** ئێمە پێویستە چی لە ئەویتر وەربگرین؟**

- پێویستە لە هەموو سەرچاوەکان لە هەموو شارستانیەتەکان لە عیرفانی مەسیحی و یەهودی، بوزی، لە هەموو ئایینیەکان کەڵک وەربگرین سەبارەت بە خۆم، بەو سیفەتەی بیرمەندم، تەنیا لە یەک کانگای ئایینییەوە شت دەرناهێم یاخود تەنیا لە ئیسلامدا، بەڵکو لە تواناو ووزە ڕۆحیەکانی هەموو ئاینییەکانەوە شت وەردەگرم بەڵام کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، دامودەزگای کولتووری کۆمەڵایەتی سیاسی ئەوتۆیان نییە بەوردی بەڕێژەوە بەیەکسان و یاسایی ئیش و کاری هاوڵاتیان بەڕێوەبەرن بەتاک و کۆمەڵ بێگوێ دانە هیچ بیروڕایەک وەک لە جیهانی ڕۆژئاوادا هەیە، نەبوونی ئەم دامودەزگایانەش کوشتنی مرۆڤایەتییە، هەروەها کوشتنی شارستانیەتیشە.

بۆ ئەوەی ئەم دامودەزگایانە دروستبکەین، کە بێئەوان کۆمەڵگا گەشە ناکات و پێشناکەوێت، پێویستە لەسەرمان کولتووری ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بەیاسا، دیموکراسیەت و دادوەری و مافی مرۆڤ و وەریانبگرین دوای هەرس کردنیان

ئاوێتەی ژیانی فکریانی بکەین. بەمەرجێک بیێتە بەشێک لە کولتوورمان دەنا دەبینە پاشکۆی رۆژئاواو پتر دوا دەکەوین.

*** ئەوەی دەیلێن، خۆشبەختانە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو فیکرەیەی کە لە کۆمەڵگا عەرەبییە ئیسلامییەکاندا لەسەر شوناس هەیە؟**

- شوناس کەلەپوورێکی خاوە، تەلارێکە پێویستە ئێمە دروستی بکەین بێگومان موسڵمانان ئەمڕۆ لە کێشەی شوناسدا دەژین. ناسنامەیەکیان نییە. دروستکردنی یاخود بونیاتنانی شوناسی لە دوو رێگاوە دەبێت:

١- رۆچوون بەناخی هەموو لایەنەکانی رابردوودا.

٢- دیالۆگ لە نێوان کولتووری رابردوو دنیای نوێدا بەهەموو لایەنەکانیەوە.

لەرێگەی ئەم دیالۆگەوە لەو ماوەیەدا، ناسنامەمان دروستدەکەین، ئەوسا دەزانین ئێمە کێین.

بەرلین، بەهاری ٢٠٠٢

* موحەمەد موجتەهید شبستری: مامۆستا لە زانکۆی تاران، فەلسەفەی ئایین و زانستی کەلامی ئیسلامی دەڵێتەوە. لە کتێبە پڕ بایەخەکانی کە بەزمانی فارسی نووسراون:

هێرمۆنیتیکای کتاب و سونە، ئیمان و ئازادی، رەخنە لە خوێندنەوەی رەسمی بۆ ئایین لە ئێراندا (ئەم کتێبە وەرگێڕادراوەتە سەر زمانی عەرەبی)، چەندین لێکۆڵینەوەی بەزمانی ئەڵمانی بلاوکراوەتەوە لە چەندین گۆڤاری ئەڵمانیدا، لەبەرئەوەی زمانی ئەڵمانی بەچاکی دەزانێت، بۆ ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکی سەنتەری کولتووری ئیسلامی بوو لە هامبۆرگ.

سەرچاوە: www.maaber. net